


# شاشەی کریس
# هاوکارێک بۆ شۆفێرەکان

ئامێرگەلێکی زۆر بەرهەمهاتوون کە ئەرکیان ئەوەیە لە ناو ئۆتۆمبیلدا هاوکاری شۆفێر بکەن لە ئاگادارکردنەوەی پەیام و پەیوەندییەکان و هەروەها نیشاندانی کەش و هەوا و کۆنترۆڵکردنی بەشی مۆسیقای ناو ئۆتۆمبیل.. یەکێك لەو ئامێرانە ئامێری chrisdrivingassistant-min، ئەم ئامێرە لە پەنا ئاوێنەی ناو ژوورەوە دەدرێت، بەکارهێنەر دەتوانێت بە دەنگ فەرمانی پێبکات کە گۆرانی بگۆڕێت، یان پەیوەندییەك وەڵام بداتەوە یان ئەو پەیامەی بۆی هاتووە بیخوێنێتەوە. ئامێرەکە بۆ هەموو جۆرە ئۆتۆمبیلك دەبێت و بە هەر چوار دەوریدا دەسوڕێت.

# تەنیا بە نیوخولەک ئاوەکەت بۆ سارد دەکات




کاروانی تەکنەلۆژیا هەتا دێت پێشدەکەوێت، یەکێك لە دوا دەسکەوتەکان ئەم ئامێرەیە کە بە ئامێری prontobev ناسراوە ئەویش لە ماوەی تەنیا نیوخولەکدا بەبێ وزە و بەبێ سەهۆڵ ئاو و خواردنەوەی دیکە سارد دەکات.

دیارە هەر ئامێرێکی تەکنەلۆژی بۆ هەموو شوێنێك گرنگە، بەڵام گرنگی هەندێك لە ئامێرەکان لە هەندێك شوێن زیاترە، ئەو ئامێرە لە وەرزی هاوین و بێ کارەبادا، یان لە دەشتێکی گەرمی بێ ئاوی سارد گرنگی زۆری هەیە.

بەکارهێنەر تەنانەت بە تین پێوی سەر ئامێرەکە دەزانێت ئاوەکە چەندە سارد بووە. ڕەنگە بپرسن ئەگەر ئەو ئامێرە هیچی ناوێت بۆ ساردکردن ئەدی بەچی ساری دەکات؟ بەهۆی ژێلێکی تایبەتەوە خواردنەوەکان سارد دەکات. ئامێرەکە بچووکە تەنیا توانای دوو لیتر سارد کردنی هەیە.

## چەقۆی هۆشمەندیش بەرهەم هات



جیهان بەرەو زیرەکی و سمارت دەڕوات هەر ئەوەندە مابووکە چەقۆی زیرەك واتە knife smart بەرهەم بێ. ئەمە بەرهەمی کۆمپانیای ئەلکترۆلۆکسی سوئیدیە. کە لە بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێی چێشتخانەدا چالاکییەکانی بەرچاون.

هەروەك لە وێنەکەدا دەیبینن چەقۆیەکە شاشەی هەیە، هەستەوەری تێدایە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو شتانەی دەیانبڕێ، بۆ نموونە ئەگەر گیرزەر بێ نیشاندەدات ئەوە گێزەرە، ئەگەر گۆشت بێ ئاماژە بە گۆشت دەکات، ئەگەر خواردنێك کۆن ببێ و تێکچووبێ لەسەر شاشەکە نیشان دەدات و زەنگی هۆشیارکردنەوە لێدەدات، هەروەها دەڵێت کە چەندە ڤیتامینی و کاربۆهێدراتی تێدایە، ئەگەر گۆشت بێت ئاماژە بە پرۆتین و چەوری ناو خۆراکەکە دەکات.

هەروەها دەتوانێت بە سیستەمێکی تایبەت لە چەقۆیەکە دایە بەرگری لە خێرا تێکچوونی خۆراکێك بکات، جگە لە شاشەکە بڵندگۆشی هەیە بۆ ئەوەی بە دەنگ بەکارهێنەرەکەی ئاگادار بکاتەوە. شوێنی دانانی چەقۆیەکە خۆی ئامێری شەحنکردنەوەیەتی.



## مۆبایلێک بە دوو شاشە و دوو کامێرا

کۆمپانیای meizu نوێترین مۆبایلی خۆی واتە 7meizu pro plus خستەڕوو. مۆبایلێك بە تایبەتمەندی جیاوازەوە. مۆبایلەکە جگە لە شاشەی سەرەکی خۆی، شاشەیەکی ٢ ئینجیشی لە پشتەوە هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ئاگاداربیەکان وەك (هاتنی پەیام و پەیوەندی و ئیمێل..) کۆنترۆڵ کردنی مۆسیقی و دەنگ، نیشاندانی وێنەی سێلفی بۆ بەکارهێنەرەکەی ببینرێ.

کامێرای پشتەوە و واتە کامێرای سەرەکی دوو کامێرای ١٢ میگاپیکسیلیە، تێکەڵبوونی دوو کامێرا لەیەك کاتدا بۆ وێنەگرتن وێنەیەکە زۆر تایبەت دەبێت بە جۆرێك لە کاتی وێنەگرتن بە رووناکی کەمیش وێنەیەکی جوان دەگرێت. کامێرای پێشەوە کامێرایەکی ١٦ میگاپیکسیلیە. میمۆری ناوخۆی ١٢٨ گیگابایتە، شاشەکەی ٥,٢ تەواو ئیچ دییە.

## فلاش میمۆرییەکی هەمە کارە

فلاش میمۆری لە بواری هەڵگرتنی داتاکان لە گشت ئامێرەکانی دیکە گونجاوترە، چونکە هەم خۆی قەبارەی بچووکە و هەم راگواستنی داتاکان لەودا ئاسانترە. فلاش میمۆرییەکان لە بواری هەڵگرتنی داتاکان جۆراوجۆرن، بە دوای گشتگیربوونی مۆبایلە هۆشمەندەکان فلاش میمۆری بۆ ئەوانیش بەرهەم هات کە بە جۆری USB-C ناسراون.

کۆمپانیای سیلیکۆن پاوەر جۆرێك لە فلاش میمۆری بەرهەم هێناوە کە لەیەك کاتدا هەم دەبێتە جۆری مایکرۆ USB و هەم جۆری USB-A و هەم جۆری USB-C.

فلاش میمۆرییەکە کە بە جۆری mobile C50 ناسراوە، پتەوە، ئاوی ناچێتە ناویەوە و بە تۆز و خۆڵیش تێکناچێت. قەبارەی هەڵگرتنی داتاکان لەم فلاش میمۆرییەدا ٣٢، ٦٤، ١٢٨ گیگابایتە.



پرۆژکتەرێکی بچووک بەناوی cinmood بەرهەم هاتووە کە دەکرێت وەك سینەمایەکی گەڕۆك بەتایبەتی بۆ منداڵان سوودی لێوەربگیردرێت. هەروەك لە وێنەکە را دیارە ئامێرەکە قەبارەی ئەوەندە بچووکە لە پەنجەکانی منداڵێشدا جێگای دەبێتەوە. سینەما بچووکەکە بەهۆی سیتسەمی wi-fi و بلوتوس و usb لەگەڵ ئامێرەکانی دیکەدا پەیوەند دەدرێ، جگە لەوەش بۆخۆی زیاتر لە ١٠٠ کاتژمێر فایلی دەنگ و رەنگی تێدایە، وەك کتێبی دەنگی، مۆسیقی کلاسیك، دەنگی سروشت، کارتۆنی منداڵانە، فێلمی راهێنان و فێرکاری، جگە لەوەش دەتوانی بە ئاسانی لە یوتیوب فیلمەکان دانلۆد بکا و بڵاویان بکاتەوە، نیشاندانی پرۆژکتەرە بچووکەکە لە سایزی ١٥٠ ئینج دایە، واتە بەقەد سینەمایەك، بۆیە نە تەنیا منداڵ بەڵکو دەکرێت گشت ئەندامانیماڵەوەش سوودی لێوەربگرن.



## هواوی و نوێترین کاتژمێری هۆشمەند



بەبێ هیچ چەشنە ریکلامێك بۆ کۆمپانیای huawei دەکرێ بڵێین لە ماوەیەکی کەمدا رکابەری لەگەڵ کۆمپانیا مەزنەکانی بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ دەکات، ئێستا شان بەشانی سامسۆنگ دەڕواتە پێش.

نوێترین کاتژمێری زیرەکی هواوی کە بە جۆری huawei porsche watch 2 ناسراوە، هەروەك لەناوەکەی را دیارە بە هاوکاری کۆمپانیای ئۆتۆمبیل سازی پورشەی ئەڵمانی دیزاین کراوە. هاوکاری ئەو دوو کۆمپانیایە بۆ چەند ساڵێك دەگەڕێتەوە و پێشووتر تەبلێتێکی زۆر ناوازە و سەرنج راکێشیان بەرهەم هێنابوو. کاتژمێرە سمارتە نوێیەکە واتە واچ ٢ لەسەر بنەما و ستایلی کلاسیك دیزاین کراوە.

هەر لە وێنەکەرا دیارە دیزاینەکەی زۆر سەرنج راکێشە، خۆی لە سیرامیك دروستکراوە و بە ستێل داپۆشراوە. تایبەتمەندی وەك نیشاندانی ئاگادارییەکان، لێدانی دڵ، وزەی سووتێندراو لەم کاتژمێرەدا دەبیندرێن، بەڵام سیم کارت ناخوێنێتەوە و هەروەها سیستەمی GPSی تێدا نییە.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، ئایا شەحنکردنەوەی مۆبایل لە شەودا هەتا بەیانی کێشە بۆ مۆبایلەکە دروست ناکات؟**

خوێنەری بەڕێز نەك تەنیا تۆی بەڕێز زۆر کەسی دیکەش شەوانە کاتی نووستن مۆبایلەکەیان لەسەر شەحن دادەنێن و دەڵێن هەتا بەیانی با پڕ بێتەوە. لە راستیدا مۆبایلە هۆشمەندەکان هیچ کێشەیان بۆ نایەتە پێش، چونکە خۆیان زیرەکن و هەرکاتێك پڕ بوون ئۆتۆماتیکی پەیوەندی بارگاوی بوونی خۆیان دەپچڕێنن و وەك ئەوەی لە شەحن دانەبێت، بەڵام تەنیا کێشەیەك کە دروست دەبێت هەندێك گەرم داهاتنی باترییە، ئەویش گەر باترییەکە هیچی تێدا نەمابێ و پڕی بکەیەوە.. ئەگینا گەر نیوە بێت ئەوە هیچ کێشەیەك دروست نابێت.




# سینەمایەکی بچووک بۆ منداڵان

## پرۆگرامێک بۆ مونتاژ و دەستکاری فیلم

پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن کە تایبەتن بە دەستکاری کردن و مونتاژ کردن، یەکێك لە ٥ پرۆگرامە بەهێزەکەی ئەو بوارە پرۆگرامی Canopus Ediusە، ئەم پرۆگرامە لەگەڵ زۆربەی فۆرماتەکانی دەنگ و ڕەنگی دەگونجێت، بە هۆیەوە دەتوانیت فۆرماتی تایبەت بەخۆت هەڵبژێری و ئەم پرۆگرامە توانای دروستکردنی فیلمی دی ڤی دی بە دوگمە و مینۆی سەرنج ڕاکێش کە لەگەڵ زۆربەی ئامێرەکانی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی دیڤی دی بگونجێت هەیە.



خاڵی جێگای سەرنج لەو پرۆگرامەدا ئەوەیە کە لەیەك کاتدا دەتوانی کار لەسەر فیلمێك بکەی کە بە ٨ کامێرای جۆراوجۆر گیراوە، بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن:

- توانای ڕێکخستنی جۆری فرێمەکان لە هەر شوێنێکی فیلمەکە.
- توانای ڕێکخستنی سایزی شاشە
- گونجان لەگەڵ نوێترین ئامێرەکانی دەنگ و ڕەنگی سەردەم.
- بوونی دەیان ئێفێکتی جۆراوجۆر.
- توانای کارکردن لەسەر فیلمی سێ ڕەهەندی.




## سەیری مێژووی جیهان لەم سایتەدا بکە

سایتی chronas.org یەکێك لەو سایتە گرنگانەیە کە بەراستی بۆ ئەوە دەبێ کاتی خۆتی بۆ تەرخان بکەی و سەردانی بکەی، لە سایتەکەدا نەخشەی جیهان هەیە و هەر وڵاتێك دەستنیشان بکەی، بە وردی مێژووی ئەو وڵاتە باس دەکات، شەڕ و شۆڕەکان گۆڕانکارییەکان، ئەم سایتە بە هاوکاری نەخشەی گوگل و سایتی ویکی پێدیا دروستکراوە, هەروەها نە تەنیا مێژوو بەڵکو، دین، کەلتوور، شوێنە دێرینەکان بە وێنە باس دەکات.